# ئەوەی زیان بە مسوڵمانێک بگەیەنێت؛ ئەوا خوای گەورە زیان بە ئەو کەسە دەگەیەنێت

لە ئەبی صیرمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی زیان بە مسوڵمانێک بگەیەنێت؛ ئەوا خوای گەورە زیان بە ئەو کەسە دەگەیەنێت، وئەوەی ناڕەحەتیەک بهێنێتە سەر مسوڵمانێک؛ ئەوا خوای گەورە ناڕەحەتی دەهێنیتە سەر ئەو کەسە».

[حەسەنە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- هۆشداری داوە سەبارەت بە زیانگەیاندن بە مسوڵمان، یان تووشکردنی بەناڕەحەتی وبارگرانی لەنەفسی یان ماڵی یان خێزانی، وئەوەی ئەم کارانە بکات خوای گەورە هاوشێوەی کارەکەی خۆی سزای دەدات، وپاداشت هاوشێوەی کردەوەیە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5375

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee